

# کورد ناتوانێت تیرۆر رابگرێت ، بەڵام دەتوانێ هێمنی و ئاسایی خۆی بپارێزێت

## بۆ گیانی پاکی شەهیدانی شارۆچکەی مەخموور




رۆژنامەکان هەواڵی تەقینەوەی شارۆچکەی مەخموور یان بڵاوکردەوە

## 13 ئایاری 2007

دیسان دەستی تیرۆریستان گەیشتە ناو دەشتی هەولێر .ئەو چەپەڵانە وا دەزانن کورد بەو کارە ڤێزوییسانە دەست لە وڵاتەکەیان هەڵدەگرن و گۆرەپانی کوردستان بۆ ئەو مێشک ژەنگاویانە چۆڵ دەکەن .ئەو کۆنە بەعسی یە شۆڤینانە بیانەوێ و نەیانەوێت مەخموور سەر بە شاری پیرەهەولێرە و خەڵکی مەخموور ناسنامەی کوردستانی یە . ئەگەر سەدام حوسێنی مردوو و داروودەستەکەی دیموگرافیای مەخمووری تێکدا وە ، ئەوا خەڵکی بە شەرەفی مەخموور و دەشتی هەولێر قەت وقەت خۆی بەو دیموگرافیە کارتۆنی یە نەبەستۆتەوە و نابێتە بەشێک لەو عێراقە عارەبییەی کە ئەو شۆڤینەعارەبانە و ئەو کۆنە بەعسیانە هەوڵی بۆ دەدەن . لەلایەکی ترەوە کورد بە هیچ جۆر نابێتە خزمەتکاری ئەو دەوڵەتە ئیسلامیەی کە تیرۆریستەکان بانگێشەی بۆ دەکەن ،هاواری کورد ئاشکرایە و هەردەم دین و دەوڵەت لە یەکتر جیا دەکاتەوە.کوشتنی خەڵکی هەولێر و خەڵکی مەخموور ، نابێتە خۆ بەدەستەوەدانی کورد و سەرکەوتنی ئیرهاب بەسەر خواست و ئاواتی میللەت .ئەو کارەساتە میللەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەستە چەپەڵە، چاو کراوە و هۆشیار تر دەکاتەوە . کورد راستە ناتوانێ ئیرهاب و تیرۆریستان لەناو ببات ، بەڵام دەتوانێ پارێزگاری لە خۆی بکات و دەوڵەتێکی دیموکراتیخواز بینا بکات کە شوێنی هەموو رەنگا و رەنگەکانی ئاینی و نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی تێدا ببێتەوە ،بە پێچەوانەی ئەو مێشک ژەنگاویانە و بە پێچەوانەی ئەو گرووپە فاشیست و شۆڤینانەی عارەبی کە دەیەوێت کوردستان بکاتەوە وڵاتێکی خاپوور و کاولکراو . هەردوو زلحیزبەکە کە دەسەڵاتیان بەدەستە ، ئەرکی سەرشانیانە کە پارێزگاری لە گیانی خەڵکی سیڤیل بکەن و بە زووترین کات ئەو پێشمەرگانە لە بەغدای کاولکراو بگەڕێننەوە ئەو ناوچە تەعریب

**كراوانە و پارێزگاری لە خەڵكی رەش و رووتی پێبكەن ، زۆر چاكترە لەوەی كە خۆیان تووشی شەڕێكی دۆڕاوی نێوان شێعە و سونە لە بەغدا كردووە كە هیچ سوودی نی یە . لە ماسمێدیای جیهانی و عارەبی و عێراقیش هیچ مەمنوونی ئەو لەشكرە هەزارە نینە كە شەقامەكانی بەغدا دەپارێزن ئەگەر پێیان بپارێزرێت .ئەو پێشمەرگانە دەتوانن لەناو كەسوكار و هاوزمان و میللەتی خۆیان پارێزگاری لە مەخموور و كەركوك و شێخان و خانەقین و ئەو هەموو ناوچە تەعریب كراوە بكەن و خەڵكیش باوەشیان بۆ دەكاتەوە، لەوەی لە شەقام و كۆڵانەكانی بەغدا غەریب و ناشارەزا بێنە بەرچاو وخەڵكیش بە چاوی سووك سەیریان بكەن ، كە ئێستاكە سەیر دەكرێن .بەر لە ناردنی ئەو لەشكرە، لە نووسینەكانی پێشوو تریش ئاماژەم بەوەكردبوو كە ئەو بەشداری یە لە بەرژەوەندی كوردستان نی یە. دیارە هەنووكەش پارێزگاری و بەرژەوەندی میللەتی كورد زۆر لەوە پیرۆز ترە كە پارێزگاری ئاسایشی بەغدا بكرێت .با وڵاتانی عارەبی لەتەك لەشكری داگیركەری ئەمریكاوهاوپەیمانانی پارێزگاری لەو عێراقە عروبیە بكەن كە رۆژانە فرمێسكی درۆی بۆ دەرێژن . ئەمریكا بەرژەوەندی خۆی بە لاشەی شەهیدانی كورد ناگۆڕێتەوە.بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لەكوێ بێت، لەشكرەكەی پارێزگاری لەو شوێنە دەكات و گوێش ناداتە قسە و باسی خەڵكی .ئەمریكا پارێزگاری سیڤیلیش ناخاتە پێش بەرژەوەندی یەكانی خۆی . كوردیش دەبێت ئەو سیاسەتە بێنیتە بەرچاو و بزانێت بەرژەوەندی و سەروەری میللەتەكەی لە كوێ یە هەر ئەو سیاسەتە پیادە بكات**

**سەری رێز و نەوازش بۆ شەهیدانی كارەساتی مەخموور و هەولێر .**

فـــەهـــد گـــردەوانـــی 2007/5/13ستۆكهۆڵم